# سەیرو سەمەرەی حیزبە بە ناو ئیسلامیەکان

## بسم الله الرحمن الرحيم

بە داخەوە کە چەندەی تەمەنی ئەو بەناو حیزبە ئیسلامیانە درێژ تر ئەبێت سەیرو سەمەرەی زیاتریان لێ ئەکەوێتەوە ! نازانم چۆن ناوی ئیسلامیان بەخۆیانەوە ناوەو شەرم ناکەن لەوەی بە ئاشکراو بە زەقی سەرپێچی ئیسلام ئەکەن ! ؟ جا بەوەش ناوەستن بوختان و شتی ناشیرین پاڵ ئەدەنە لای ئەهلی سوننە=سەلەفیەکان= هەر جارەی بە شێوەیەك و هەر جارەی بوختانێك هەڵ ئەبەستن بۆیان لەو شتانەی کە خۆیان تێی کەوتوون ! من زۆر جار ئەڵێم با خۆم خەریك نەکەم بە ڕەد دانەوەی ئەم خورافاتانەیان و ئەوەندە ناهێنێ من باسیان بکەم ! بەڵام نەم ئەزانی کە بەڕاستی خۆشیان و خەڵکێکی زۆریان خەڵەتاندووە کە ئەوە لەسەر من و هەموو کەسێکی ئەهلی سوننە پێویست ئەکات موسڵمانان لەو خوزەعبەلات و خورافات و شتە سەیرو سەمەرانە کە پێچەوانەی ئیسلامە ئاگادار بکەینەوە تا نەکەونە داوی بیدعەو ڕێگای ڕاستیان لێ وون نەبێت ، وە زۆر جاران ئەگەر من جۆرێك لە توندی لە نوسین و ڕەددەکانم بۆیان بە دی کرا ئەوە بزانن هۆیەکەی ئەوەیە کە ئەوان لەسەر ئەو بیدعەو خورافاتانەی خۆیان هێشتا بێ شەرمانە بوختانی ناشیرین بۆ سەلەفیەکان هەڵ ئەبەستن ئەوە لەگەڵ ئەوەی ئەهلی سوننە تەنها ئامۆژگاریان ئەکەن بەوەی واز بێنن لە خەڵەتاندنی خۆیان و خەڵکی و دەست بگرن بە ئیسلامی ڕاستەقینەو کەم و زیادی نەکەن و دوای بەرژەوەندی حیزبایەتی نەکەون ئەوەش لە دڵسۆزیەوە سەلەفیەکان ئامۆژگاریان ئەکەن ! بەڵام ئەوان هەڵ دەستن بە بوختان بۆ کردنیان و تانە لێدانیان بە شتی وا کە هەر لەوان ئەوەشێتەوە ! لەگەڵ ئەوەش توندی من لە گەڵیان سوێند بە خوا بۆ ئامۆژگاریەو بۆ ئاگادار کردنەوەی موسڵمانانە لەوەی توشی شتێ نەبن کە خوای بەرز پێی ڕازی نیە نەك مەرامێکی ترم مەبەست بێ لە بەر ئەوەش من نامەوێ ناوی کەسێکی تایبەت بێنم یان ناوی حیزبێك بێنم بەڵکو خوا بکات ئەوەی کە ژیرو عاقڵە سوود وەر بگرێ و ناو هێنانێك نەبێتە هۆی ئەوەی ئەوانەی دەمار گیریان هەیە بۆ ئەو ناوە ئەو ئامۆژگاریە وەر نەگرن !

### کۆنسێرتی گۆرانی بە ناوی ئیسلام !!!

گۆرانی كه نیفاق له دڵ ئەڕوێنێ وه كـارو پیـشەی فاسـقانه وه لـه حـەرام كراوەكانـه لـه ئیـسلام لای ئـەو حیزبـه بـه نـاو ئیـسلامیانه بـووه بـه كـارێكی خێـرو چـاكەیەك بـڵاوی ئەكەنەوه به ناوی سروودی ئیسلامی جـا هەنـدێ جـار بـه تـەپڵ و مۆسـیقاوەش ! خـۆ ئەگەر هەر گۆرانی وتنەكه بوایه ئەوه ئەهوەن تر بوو ! بەڵام ئەوان ئەڵێن ئەوه سروودی ئیسلامیه !!! ئەیخەنه ماڵ بەسەر ئیسلام و به حیساب بـانگی خـەڵكی پـێ ئەكـەن بـۆ ئیسلام كه ئەوه بیدعەیەكیشەو ئیسلام لێی بەریه بۆیه تاوانەكەی له گـۆرانی تـر گـەورە تره چونكه بیدعه بوختانه بۆ ئیسلام ! چۆن شتێك له ئیسلام بێـت ئینكـاری بكـەیت چ تاوانێكه !؟ ئاوهاش ئەگەر شتێ له ئیسلام نەبێ بیخەیته سەر ئیسلام لەو تاوانه بچوكتر نیه ! من له چەند موناسەبەی تر ڕەددی ئەوەم داوەتەوەو ڕوونم كردۆتەوه بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاكێشام ئەم جاره بانگەوازو ڕیكلامی كۆنسێرتێك بوو له یەكێك له سایته به ناو ئیسلامیەكان له ئەنتەرنێت ! كه بەداخەوه لەوه ئەچێ ئەو سایته داخ له دڵن بەرامبەری ئەهلی سوننه چونكه بابەتی وای تێدایه كه نـه هـەر نـەفامی ئـەوان دەر ئـەخا بـەڵكو وا ئەكات گومانی ئەوەمان هەبێ كه ئـەو سـایتەو ئەمانـەی وەك ئـەون بـۆ بـڵاو كردنـەوەی ئیسلام نەبێ بەڵكو مەرامی حیزبایەتی یان هەر شتێكی تری به دواوه بێ ئەوەش خۆیان بەرامبەری خوا بەرپرسیارن و ئێمه پێیان ئـەڵێین خـوای بـەرز ئەفـەرموێ : ﴿يَـوْمَ تُبْلَـى السَّرَائِرُ﴾ ، به هەرحاڵ مـن ئەمـەوێ ئـەوه ڕوون بكەمـەوه كـه ئـەم جـۆره كۆنـسێرتانه ئیسلام لێیان بەریه ئەوه كاره هەر له بیدعەچی و فاسقەكان ئەوەشێتەوه پەیوەندی بـه ئیـسلامەوه نیـه بـۆ ئـەوەش چـەند بەڵگەیـەك و چـەند ووتەیـەكی زانـاو پێـشەوایانی ڕاستەقینەی ئیسلام ئەخەمه بەر چـاوتان بـۆ ئـەوەی بۆتـان ڕوون بێتـەوه كـه مـن وەك ئەوان بوختان ناكەم بۆ قسەكانم بەڵگەم هەیه نەك له هەواو ئارەزووی خۆمەوه بیانڵێم !

تكایه ئەم لینكه بكەنەوه

http://salafikurd.com/Files/pdf/payame%20bedare.pdf

بێگومان دەرفەتی تریش هەبێ ان شاء الله قسەی زیاترم هەیه لەسەر ئەو باسه !

**باوكی حارث**